# ئامینە عەزیز: تەنها خودا شك دەبات

## نازانێت ژمارەی مۆبایل لێبدات، مانگانەش وەك خۆی دەڵێت چەند کارتێکی مۆبایل سەرف دەکات.

ئا : لێدوان



هەمیشە دەسبیحێکی بەدەستەوەیەو ملوانکەیەکی پر لە موروی شینو قاوەیی بە ملەوەیە، ئەو ژنە خاوەنی سیما یە کی

خەندەئامێزەو کەچی لە چاوەکانیدا دنیایەك خەم دەبارێت، پێدەچێت لە عاقلەکانی ئەو سەردەمە تورە بێت، بۆیە زۆر جار جیاوازتر لە خەڵکی بەرێدا دەرواتو قسە دەکاتو هەڵسوکەوت دەنوێنێ. ئامینە عەزیز خدر تەمەن٣٦ ساڵەو خەڵکی شارۆچکەی بنگردە، بەشێکی زۆری ساتەکانی رۆژانەی لە دەرەوەی ماڵەو کە قسەشی لەگەڵ دەکەیت، بە پێکەنینەوە لەگەڵتدا دەدوێ، کەچی زوو زووش فرمێسك لەچاوانی دەبارێت! هەست دەکەیت ئەو لە نێوانی پێکەنینو گریاندا دەیەوێت تابلۆیەکی ترمان بۆ بکێشێت، جیاواز لەو تابلۆیانەی کە بینراون . ئەو لەگەڵ ئەوەی دایکی ٧ منداڵە، بەڵام وەك خۆی ووتی: لە ناو خانوویەکی بچوکی گەرەکی ئاوارەکان دەژیو کەسی لەگەڵ نیە، تەنها ئەو خوایە نەبێت. بژێوی ژیانی لەسەر مووچەی شەهیدانەی کورەکەیەتی، کە پێدەچێت لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیدا بەناهەق کوژرابێت، هەمیشە مۆبایلێکیشی بە دەستەوەیە کە نازانێت ژمارەکانیشی لێبدات، بەڵام هەرچۆن بێت بە بەردەوامی قسە لەگەڵ کچەکانی دەکات مانگانەش وەك خۆی دەڵێت چەند کارتێکی مۆبایل سەرف دەکات.

ئەوەندەی لێدوان لای مایەوە، نوکەیەکی بۆ هات، دواتر کەسێك پەیوەندی پێوەکرد، کە پێدەچوو تەنها بۆ خۆشی گۆبیست بوونی قسە خۆشەکانی تەلەفۆنی بۆ کردبێت، بەڵام هەر بزانێت کچ و کورەکانی نین پەیوەندی پێوە دەکەن، تەلەفۆنەکەی دادەخاتەوە، تەنها ئەوەندە نەبێت بزەیەکی شیرین دەیگرێت کە بۆ ئەو تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە.

ئامینە هەمیشە بەکۆمەڵێك رستەی تایبەت، جوێن بە بەرپرسان دەدات، وەك ئەوەی ئەوان هۆکاری نەهامەتیەکانی بن، لە ئەدگاریشیدا چەندین گازندە دەخوێندرێنەوە کە لەخۆیو ژیانو مرۆڤەکانی دەوروبەریان دەکات.



# وردەواڵە

چەرچی دەینوسێ

## شۆستەو ئۆتۆمبێل / شەقام و پیادە

توخوا خۆت لادە
رەببی (زمانی) لێ بێ ( مووی) باپیرەم دیسان فەرمووی
کە چوو , نابێ بچی لەدووی
تازە کوجا مەرحەبا کوردو حوشترو عەبا !
ئۆتۆمۆبێل و جادە ؟! شۆستەو رێگای پیادە ! ؟
ئێستا رصیف جادەیە جادە شوێنی پیادەیە
دەباهەموشمان بڵێین:
یارەکەم مەلا زادەیە ماڵیان لە خوار جادەیە
تێبینی : جاران ماڵیان لەسەر جادەبوو , پێیان لابردن .

## ئەم شەمعەیە نە( شەمع )ونە( شەم )ە

لەگەڵ خۆشەویستی و رێزی زۆریشم بۆ گۆرانیی ( هەی شەمی شەوان . بە هەمو پێکهاتەکەیەوە )
هەی شەمعەی ( ئەوان ) هەی ( شەمعەی ) ئەمان
هەی شەمعەی بێ شەوق چەتەی رێگاو بان
تۆ بۆلاناچی , لە بەد بەختیی من
گوێ ناگری لە ئاه . زامی سەختی من
دە رێگا چۆڵکە با ئەو شەقامە بیێتە شارێ ی ئەو نەونەمامە
بابەس لە پێناو رێزە گیرفانێك رانیە ببێتە (دوو هەواو بانێك)

## پەندی پـــاشینان

* فستەق لە قسەی نەستەق بەتامترە .
* دەوەرە , لێم بووی بە ( نصب ی راپەرین ) !!
* دەرواز‌ەیەك مەکەنەوە , کە پێتان دانەخرێتەوە . ( تایبەتە بە خەڵکی دەروازە )
* دەلی ی دەروازەی راپەرینی , نە دەرگات هەس , نە دوو دەریی .
* ئەگەر رۆژی راپەرین کارەسات بوایە , مونومینتێکیان بۆ دروست دەکرد و دواییش دەمان سوتاند .

# گەنجانی چۆمان دەربارەی رێکخراوەکانی گەنجان دەدوێن

## گەنجێك: سەرجەمی رێکخراوەکان پاشکۆی حزبە سیاسیەکانن

## لێپرسراوی بنکەی رێکخراوێك: رێکخراوەکان بەپێی توانا کاریان کردووە

ئا : رێباز سەیدە



لەنێو شارۆچکەی چۆمان چەند گەنجێك بۆ لێدوان قسەیان کردو گازندەیان لە نەبونی رێکخراوێکی تایبەت بە گەنجان کرد، بۆئەوەی بتوانن تیایدا گرنگی بە بەهرەو خولیاکانی خۆیان بدەن، ئەوان بەو شێوەیە دەربارەی گرفتو کێشەکانیانو رێکخراوەکان دوان: سەرەتا نەسرین عەبدوڵڵا پێی وایە رێکخراوەکانی گەنجان نەیانتوانیوە زەمینەیەك فەراهەم بکەن، تا گەنج خۆی تێدا بدۆزێتەوە، وتیشی: دەتوانم بڵێم ئەو رێکخراوانە جگە لەناوێکی رووکەش، هیچی تر نین، پاشان سالار ستار تەمەن ٢٢ ساڵ وتی: من هیچ رێکخراوێکم لە قەزای چۆمان نەبینیوە، تا خزمەتێکی ئەوتۆ بە گەنجان بکات، جگە لە بواری وەرزشی، ئەویش بە ئاشکرا رۆتینیاتی تێدا بەدی دەکرێتو حزب هاوبەشی تێدا دەکات، پێشی وانیە لە چۆمان رێکخراوێك هەبێت، پاشکۆی حزبێکی سیاسی نەبێت، هەروەك وتی: ئێمە بێبەشین لەهۆڵی کۆرو چالاکیو کتێبخانە، دەبێ پەنا بۆ خوێندنگاو ناوەندە سیاسیەکان بەرین، لەکۆتاییشدا وتی: ئەگەر لە چۆمان رێکخراوێك هەیە، بۆ نایەن هۆڵێك دروست بکەن؟.

دواتر پرشنگ غازی تەمەن ١٩ ساڵ قسەی کردو وتی: رێکخراوە لاویو خوێندکاریەکان نەك نەیانتوانیوە خزمەتێکی بەرچاو بە گەنجان بکەن، بەڵکو بونەتە هۆکاری ئەوەی گەنجان زیاتر خۆیان بەدوور بگرن، چونکە ئێستا گەنجان خۆیان لە سیاسەت دەپارێزنو ئەوانەی تێکەڵیش دەبن، زیاتر بەرژەوەندی ئابوریە وای لێکردوون، هەروەها کەماڵ چۆمانی رۆژنامەنووس دەربارەی ئەو بابەتە قسەی کردو وتی: کۆنترۆڵکردنی گەنجو دروستبوونی رێکخراوێك بەناوی گەنجان، کە دیوێکی سیاسیە، من هیچ داهاتوێکی گەشی تێدا بەدی ناکەم، تا ئێستا رێکخراوێکم نەبینیوە بە پیرو پەیرەوێکی نوێوە دروست بووبێت، بەڵکو هەمویان تەقلیدینو تەنها باسی کێشەو گرفتەکانی گەنج دەکەن بەبێئەوەی چارەسەرێکی گونجاویان پێ بێت.

دواتر ئەسکەندەر ئەحمەد لێپرسراوی بنکەی چۆمانی رێکخراوی ئازادی لاوان وتی: رێکخراوەکان لە قەزای چۆمان خراپ نینو بەپێی توانا کاریان کردووە، پێشی وایە ئەوەندەی کار بۆ گەنجان بکرێت، هەر کەمە، وتیشی: کۆمەڵێك کۆسپ لەبەر دەمماندا هەن، وەك نەبونو کەمی بودجەو تا ئێستا بنکەکەمان نەکراوە بە سەنتەر، هەروەها مامۆستا ئیسماعیل وتی: هیچ رێکخراوێك بە بەردەوامی نەیتوانیوە خزمەتی گەنجان بکات، چونکە ئارەزوەکانیان بەدی نایەنو شوێنێکیان نیە بۆ چالاکیو خۆشیان بێ دەنگن لە ئاست کەموکورتیەکان.

ماوەتەوە بوترێت، بونی رێکخراوێکی تایبەت بە گەنجان بۆ چۆمان لە پێداویستیە سەرەکیەکانی ئەو ناوچەیەیەو پێویست دەکات دەسەڵات بیرێك لەوە بکاتەوە، تا هێزو توانای گەنجانی ئەوێ کپو خامۆش نەبێت.



# ئەو دەمەی درەختەکانی باخی گشتی دەبنە گۆڵچی

## ئەی تۆپەکە فتبۆڵەکە، لە باخی گشتی لە دەستم رامەکە

ئەلەند محەمەد

باخی گشتی رانیە چەندین قۆناغی لە ژیانی خۆیدا بەرێ کردووە، ئەو کاتەی ئێمە منداڵ بووین پری بوو لە چەکدار، ئەو چەکدارانەی لەگەڵ هەر چەقەنەیەکدا دەکەوتنە تەقە، دواتر خوێندکاران بۆ خوێندنو خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکانیان بە لێشاو روویان تێکرد، دوای ئەوان بوە شوێنی دانانی گازینۆو ماوەیەك بۆیاخچیەکان کاریان تێدا کردو ئنجا هەندێك گەنج تێیدا دانیشتنو باسو خواسیان تێدا کردەوە، دوای ماوەیەکی تر چەندین کەس وێنەیان بۆ یادگاری تێدا گرتو سەردەمێك بووە زێرابی هەندێك لە دوکانەکانی دەوروپشتو چەند رۆژو مانگێکیش ئەو کەسانەی سەردانی دکتۆریان دەکردو لە لادێکانەوە دەهاتن، پشوویان تێدا دەدا، نزیکەی پێنج ساڵێکیش بەردەمەکەی بووە شوێنی وەستانی گەنجان لە ئێوارانو ماوەیەك پێشتریش شوێنی خەوتن بوو، بەتایبەت لە رەمەزاناندا.

قۆناغێکی هەستیاری ژیانی باخی گشتی کە زۆر درێژەی کێشا، بووە شوێنی دامەکردنی ئەو حاجیانەی روویان تێ دەکردو زۆر جار بۆ پاڵەوانێتی لەشوێنە دوورەکانی وەك پیرەمەگرونو چەند شوێنێکی تر دامەزان دەهاتنو لەگەڵ یاریزانانی رانیەدا کێبەرکێیان لەسەر دامە دەکرد، بەڵام ئەوەی لە هەمووی سەیرترەو تازەترین قۆناغی ژیانی ئەو باخەیە، ئێستایە کە چەند منداڵێکی ژیکەڵە، بە تۆپێکی فتبۆڵەوە راکەراکی تێدا دەکەنو درەختەکانیان کردووە بە گۆڵچیو بەدەم هاتو هاوارەوە میزاجی دامەچیەکان تێك دەدەن، هەر بەوەشەوە ناوەستنو بە دەم هاوارەوە دەڵێن: ئەی تۆپەکە فتبۆڵەکە، لە باخی گشتی لە دەستم رامەکە، ئەگەرنا دارەکان دەشکێنمو چیمەنەکەشت دەپلیشێنمەوە.